# لە هەر شوێنێک ژن هەبێت توندوتیژییش هەیە!

توندوتیژی دیاردەیەکی شاراوە و نادیار نییە، بەڵکو جیهانییە و تایبەت بە شوێنێك، یان وڵاتێك نییە. بەپێی بەڵگەکان و هەواڵەکان و راپۆرتی مافەکانی ژنان و ئەوەی کە خۆمان دیتوومانە لە هەر شوێنێك ژن هەبێت، توندوتیژییش هەیە، جا چ بە شێوەی نهێنی بێت، چ بە شێوەی ئاشکرا، واتە توندوتیژی سنووری نییە، ژنان چ لە ماڵەوە بن، چ لە دەرەوە بن، چ خوێندوار بن، چ نەخوێندوار و سەرقاڵی کاری نێو ماڵ بن، چ لە بواری ئابووری دوڵەمەند بن و چ هەژار و دەست کورت بن، چ جوان بن و چ ناشیرین، بە شێوەیەك لە شێوەکان و بە جۆرێك لە جۆرەکان لەلایەن پیاوانەوە تووشی توندوتیژیی رەگەزی، دەروونی، کۆمەڵایەتی، جەستەیی و تەنانەت سێکسییش دەبنەوە. توندوتیژی دژی ژنان لە ئێستادا و لە تەواوی جیهاندا هەموو میدیاکانی بە خۆیەوە سەرقاڵ کردووە.

توندوتیژی کۆمەڵێك تایبەتمەندی کولتووری و کۆمەڵایەتی و سیاسی و ئابووری لە پشتە، ئەگەرچی بەو پێیە توندوتیژی دژی ژنان کات و شوێنی تایبەتی نییە و هەموو کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی (چ بە کۆمەڵگەی پێشکەوتوو، چ بە کۆمەڵگەی دواکەوتوو) دەگرێتەوە. ژنان لە کۆمەڵگەی مرۆڤایەتیدا لە لایەن باوك، برا، هاوسەر، کەسوکاری نزیك (خاڵ، مام، تەنانەت ئامۆزا و خاڵوزاش) بەرەورووی توندوتیژی دەبنەوە.

**ژنان لە کۆمەڵگەی مرۆڤایەتیدا لە لایەن باوک، برا، هاوسەر، کەسوکاری نزیک (خاڵ، مام، تەنانەت ئامۆزا و خاڵوزاش) بەرەورووی توندوتیژی دەبنەوە.**

بەپێی دەرەنجامی لێکۆڵینەوەکانی چالاکانی مافی مرۆڤ و ناوەندەکانی تەندروستی، توندوتیژی دژی ژنان جگە لەوەی کە کاریگەری نێگەتیڤ و خراپی دەبێت لەسەر ژن وەك تاك هەیە، کاریگەرییەکی زۆر خراپ و مەترسیداری دەبێت لەسەر تەندروستیی خێزان و کۆمەڵگە، کە دەبێتە هۆی ئەوەی شیرازەی خێزان و کۆمەڵگەش لێك بترازێت.

شێواز و رەهەندەکانی توندوتیژی دژی ژنان بریتین لە:

١- توندوتیژیی جەستەیی: هەر جۆرە توندوتیژییەکی فیزیکی بەرامبەر بە ژنان دەگرێتەوە، وەك: لێدان، سووتاندن، برین و درین و کوشتن. لەم جۆرە توندوتیژییەدا ئاسەواری توندوتیژی بە تەواوی بە جەستەی قوربانییەکەوە دیارە، کە بەپێی نوێترین ئامارەکان ٢٥٪ی ژنانی کۆی جیهان بەرەورووی ئەم جۆرە توندوتیژییە دەبنەوە، بەڵام زۆر جار ژنان لە ترس، یان لە بەر شەرم و حەیا و ئابڕووچوون باسی ناکەن و زیاتر بێدەنگی هەڵدەبژێرن. هەندێ جاریش ژنان وا بیردەکەنەوە کە رەنگە ئەرکەکانی خۆیان بەرانبەر بە هاوسەر لە نێو خێزاندا، یان کەسوکاریان بە باشی بە ئەنجام نەگەیاندووە و هەقی خۆیانە کە توندوتیژییان بەرانبەر بکرێت.

٢: توندوتیژیی دەروونی: ئەم جۆرە توندوتیژییە بە رواڵەت هیچ نیشانەیەکی دەرەکی نییە و ناوەکی و دەروونییە و شمولی سووکایەتی پێکردن، تانە، تەشەر، جنێودان، بێ حورمەتی لەلایەن کەسانی جگە لە بنەماڵە و خێزانی خۆیان، تۆقاندن و بەکارهێنانی زمانی رەق و تەق و هەڕەشەو گوڕەشەیە. ئەم جۆرە توندوتیژییە کاریگەریی قووڵ و مەترسیداری هەیە و کەسێك کە تووشی ئەم جۆرە توندوتیژییە دەبن، زیاتر گۆشەگیر و بێزار و خەمۆکە دەبن. بەپێی وتەی پزیشکان ئەم جۆرە کەسانە زیاتر بیر لە خۆکوشتن و خۆسووتاندن دەکەنەوە.



دهۆک بارزانی

بەرپرسی ناوەندی سۆران - ی.ئا.ک

٣: توندوتیژیی سێکسی: ئەم جۆرە توندوتیژییە زیاتر لەلایەن هاوسەر و کەسوکاری نزیکی ژنانەوە دەکرێت و ژنان تووشی شۆك و زیان دەکات. دەستدرێژی سێکسی و دووگیانبوونی زۆرەملێ و لەباربردن و... لە خۆ دەگرێت، کە برینی ئەم جۆرە لە توندوتیژی هیچکات لە دڵ و جەستەی ژن ساریژ نابێت.

٤: توندوتیژیی خێزانی: باوترین شێوەی توندوتیژییە لە دژی ژنان کە تێیدا کچان و ژنان بە کۆمەڵێك بیانووی پڕوپووچ و دواکەوتووانە بەرەورووی توندوتیژی دەبنەوە. دڵپیسی یەکێك لە هۆکارە سەرەکییەکانە و زۆر جاریش نەزۆکی (نازایی) هۆکارێك بووە بۆ بەکارهێنانی توندوتیژی لە دژی ژنان. گیرۆدەبوونی پیاوان بە ماددە سڕکەرەکان و بێکاری پیاوان و تووڕەبوون و ناهۆشیاریی پیاوانیش لە هۆکارەکانی بەکارهێنانی توندوتیژیین

٥: توندوتیژیی کۆمەڵایەتی: زۆرجار بە بیانووی لادان لە نەریتی باوباپیران و لەکەدارکردنی شەرەف و نامووسی خێزان و هەڵسوکەوتی نەشیاو و ئابڕووبەرانە ژنان للایەن باوك و برا و هاوسەر و کەسوکارەوە تووشی توندوتیژی دەبنەوە. زۆر جاریش بە توندی دەکەونە ژێر چاودێری و هەموو ئازادی و سەربەستییەکیان لێ زەوت دەکرێت و لەناو کەشوهەوایەکی پۆلیسیدا دەژین. بەزۆر بەشوودان و بەزۆر جلوبەرگی تایبەت لەبەرکردن و بێبەریکردن لە میرات و بێبەشکردن لە خوێندن و کارکردن لە دەرەوەیماڵەوە دەچێتە ناو چوارچێوەی توندوتیژیی کۆمەڵایەتییەوە.

٦: توندوتیژیی ئابووری: لەم جۆرە توندوتیژییەدا ئەو ژنانەی کە لە دەرەوەی ماڵ کاردەکەن، هەرچەند شان بە شانی پیاوان کاردەکەن، بەڵام حەقدەستەکانیان کەمە و زۆر جار لەلایەن بەڕێوەبەر، یان هاوکاران (چ لەلایەنی جەستەیی، یان دەروونی) توندوتیژییان بەرانبەر دەکرێت و دەچەوسێندرێنەوە، یان لە ماڵەوە لەلایەن هاوسەر و کەسوکاریانەوە بە توندترین شێوە مامەڵەیان لەگەڵدا دەکرێت، هەندێ کاتیش ژنان لە میرات بێبەری دەکرێن و لەمافی یاسایی و شەرعیی خۆیان دوور دەخرێنەوە، دەستدرێژیکردنە سەر داهاتی ژنان و سەربەخۆنەبوونی ژنان لە بواری ئابووریدا خوی سەرەکیترین و هاندەرترین و کاریگەرترین هەنگاوە بۆ توندوتیژی نواندن دژی ژنان.

هۆکارەکانی توندوتیژی بۆ سەر ژنان زۆرن و تاکۆ ئێستا بە سەدان جار باس کراون، بەڵام لێرەدا سەبارەت بە سەرەکیترین هۆکاری توندوتیژی دژ بە ژنان، ئاماژە بە وتەیەکی فیلەسووفێکی گەورە و بەناوبانگ «جان ئیتیوارت مل» دەکەم، کە لە کتێبێکیدا بە ناونیشانی (بەکۆیلەکردنی ژنان) چاپ و بڵاو کراوەتەوە، لەسەر ئەو باوەڕەیە کە «سەرچاوەی بارودۆخی نالەباری ئێستای ژنان بۆ سەرەتاکانی دروستبوونی کۆمەڵگە دەگەڕێتەوە، واتە دەستپێکی مێژوو، کە ژن خۆی وەك کۆیلەی پیاو بینی، کە هۆکارەکەی لەوانەیە بۆ لاوازیی هێزی جەستەیی بگەڕێتەوە.»، هەروەها دکتۆر (نادیە رمسیس) سەبارەت بە هەمان پرس دەڵێت: «ئەو کاتەی کە پەیوەندیی ژن و مێرد باشە، یاسا وەدەر ناکەوێت، بەڵام ئەگەر پەیوەندییان خراپ بوو، یاسا وەك شمشێر بۆ سەر ژنان دەردەکەوێت و گشت مافەکانی پێشێل دەکات.»

**بەزۆر بەشوودان و بەزۆر جلوبەرگی تایبەت لەبەرکردن و بێبەریکردن لە میرات و بێبەشکردن لە خوێندن و کارکردن لە دەرەوەی ماڵەوە دەچێتە ناو چوارچێوەی توندوتیژیی کۆمەڵایەتییەوە.**

# کاریگەری تەکنەلۆژیا لەسەر رەفتاری تاک

**تەکنەلۆژیاو ئامێرەکانی تێکەڵ بە ژیانی رۆژانەی تاک بووە، بە جۆرێک کە لە رووی ئەرێنی و نەرێنی و تەنانەت جۆری کەسایەتی و هەڵسوکەوتی تاک لە کۆمەڵگەدا کاریگەری راستەوخۆی هەیە. بەڵام چۆن دەتوانین ئەو کاریگەرییە ئەرێنییانە بە سەر نەرێنییەکانیدا زاڵ بکەین و ئامانجێکی لۆژیکی و رەفتارێکی تەژی لە بەهاکانی مرۆڤایەتی بۆ تاکی کۆمەڵگەی خۆمان دەستەبەر بکەین؟ دەسەڵاتی حوکمڕان و یاسا و میدیاکان پێویستە چ رۆڵێک لەو بوارەدا ببینن؟ بەشداربووانی ئەم راپۆرتەی گوڵان زیاتر تاوتوێی ئەو پرسە گرینگ و هەستیارە دەکەن.**

**گوڵان: کۆمەڵایەتی**

**تەکنەلۆژیا و ئامێرەکانی بەرچاوی مرۆڤیان گرتووە و لە هەر کوێدا دەست بۆ هەر شتێ دەبات، ئامێرەکان ئامادەن و خەریکە بەهرەو توانای کەسی لە مرۆڤ بەتاڵ دەکەنەوە**

**لەسەر ئاستی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان ئامێرەکان بووەنەتە ئەو دەستە چەپەڵەی کەکار لەسەر کاڵکردنەوەی دەکەن و مانایەکی راستەقینە بۆ پەیوەندیی کۆمەڵایەتی وەک جاران ناهێڵنەوە**

ئیبراهیم حاجی زەڵمی، خاوەنی بڕوانامەی ماستەرە لە کۆمەڵناسی و وەك کۆمەڵناسێك هێما بۆ ئەوە دەکات کە «تەکنەلۆژیا و ئامێرەکانی لە ئەمڕۆدا لەو دیاردانەن کە چوونەتە ناو هەموو لایەن و یەکە و پنت و جومگە و جووڵە و رەفتارەکانی ئێمەوە، واتە رەفتار و هەڵسوکەوتەکانی ئێمەیان رەنگ و بۆ کردووە و خەریکە ئیرادەی بکەری ئێمەی مرۆڤ بەسەر کردەکاندا کاڵ دەبێتەوە. بەمانا ئەوەی لە مرۆڤ دەرکەوتە دەبێت بریتییە لە رەفتار، دیارە رەفتاریش هەمیشە ئەو دەرکەوتە مرۆییە بووە لە جووڵە و گفتوگۆ و کردە و هەڵوێست کە بەپێی بەهاکان و ویست و مەغزای مرۆیی و ئایینی و ئاکاری، خۆی نومایان کردووە، بەوەش مرۆیی بوونی (رەفتار مرۆیی) دەستەبەر کردووە. گومانی تێدا نییە کە رەفتاری مرۆیی بەوە دەناسرێتەوە کە هەردەم مەبەست و ئامانجێکی لۆژیکی لە پشت دەرکەوتەبوونیەوەیەتی، بەمانا ئەگەر بدوێ، فوو بە هەوادا ناکات و ئەگەر کاربکات، نە کات بەفیڕۆ دەدات و نە شوێنیش دەکاتە جێگەی متبوونی، یان جووڵەی جەستەی بێ مەبەست، لەبەر ئەوە جووڵە و رەفتاری بۆ ئامانجەکانیەتی.» هاوکات دەڵێت: «ئامێرەکان ئەگەرچی دەستکردو بەرهەمی بیرو دەستی مرۆڤن، بە مەبەستی هاوکاری و زووتر و باشتر گەیشتن بە دەستکەوت بووە و پڕکەرەوەی پێداویستییەکانن کە مرۆڤ دەستی بۆ بردوون، بەڵام لە پاڵی ئەوەشدا ئەمڕۆ دەستگیرتر و کاریگەردانەرترین شتەکانی دەرەوەی مرۆڤن کە بە سەریەوە تەحەکوم دەکەن.» جەختی لەوەش کردەوە کە «ئامێرەکان ئەگەرچی لە ئەمڕۆدا دەستکەوتی باشن بۆ مرۆڤ و لایەنی ئەرێنی دەگرن لە بەڕێکردنی ژیانی رۆژانەی تاك، بەڵام وەك مۆتەکەیەکیشن بەسەریەوە چ لەسەر ئاستی خودێتی خۆی و خۆناسینیەوەی، چ لەسەر ئاستی بابەت و جیهانی دەرەوەی بەوەی کە ژینگەکەی ئەویان تەنیوە.»

ئەو کۆمەڵناسە پێداگری لە سەر ئەوە دەکات کە «تەکنەلۆژیا و ئامێرەکانی بەرچاوی مرۆڤیان گرتووە و لە هەر کوێدا دەست بۆ هەر شتێ دەبات، ئامێرەکان ئامادەن و خەریکە بەهرەو توانای کەسی لە مرۆڤ بەتاڵ دەکەنەوە، لەوەی کە مۆرکی تایبەتمەندی کەسی و کەسێتی بەسەر کردەو جوولەکانەوە دەسەننەوە، وادەکەن کردەکان و پیشەکان و لە پێناو خۆیاندا نەبن و بەڵکو بچنە خزمەتی شتی ترەوە. ئازایی و توانا و لێوەشاوەیی خودی مرۆڤ بەرەو کەنار ببەن.» لە کۆتاییە وتەکانیشدا گوتی: «لەسەر ئاستی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان ئامێرەکان بووەنەتە ئەو دەستە چەپەڵەی کەکار لەسەر کاڵکردنەوەی دەکەن و مانایەکی راستەقینە بۆ پەیوەندیی کۆمەڵایەتی وەك جاران ناهێڵنەوە.»

تانیا جەمال سەرۆکی رێکخراوی ناوین بۆ پێوەندی نێودەوڵەتی، سەبارەت بە هەمان پرس دەڵێت: «کە باس لە تەکنەلۆژیا دەکەین، بە شێوەیەکی گشتی قسەی لەسەر دەکەین، لەبەر ئەوە دەتوانین بڵێین بەداخەوە تەکنەلۆژیا چەند خزمەتی بە مرۆڤایەتی کردبێت، رەنگە هێندەش زیانی پێ گەیاندبێ، ئەو تەکنەلۆژیایەی تەقەمەنیی پێ دروست دەکەین بۆ کونکردنی شاخێك و دروستکردنی رێگاوبان، هەر بەو




تەکنەلۆژیایە سەدان جۆر بۆمب دروست دەکرێت و بۆ کوشتنی مرۆڤ و وێرانکردنی شار و گوندان بەکاری دەهێنن، ئەوە بۆ هەموو لایەنەکانی دیکەی تەکنەلۆژیا هەتا لە بواری پزیشکیشدا راستە، سەبارەت بە کاریگەرییەکەشی لەسەر تاك، زۆر بە روونی دیارە، چ لایەنی ئەرێنی یان نەرێنی، کە لایەنە ئەرێنییەکە وەربگرین، زۆرێك لە پێشکەوتنەکانی تەکنەلۆژی لە خزمەتی تاك و مرۆڤایەتیدایە بە تەلەفۆن و کۆمپیوتەر و ئۆتۆمبێلیشەوە، بەڵام کاتێك تاك ناتوانێت بە دروستی بەکاریان بهێنێت و بۆ مەبەستی نەشیاو و بە خراپی بەکاری دەهێنێت، ئەوە ڕەنگدانەوەی خراپی تەنیا لەسەر خۆی نابێت، بگرە خێزان و چوار دەور و کۆمەڵگەش وێران دەکات. زۆر بەداخەوە کۆمەڵگەی ئێمە باشترین نموونەیە بۆ خراپ بەکارهێنانی ئەو تەکنەلۆژیایەی کە نەمانتوانیوە بۆ خزمەتی خۆمان و کۆمەڵگە بە کاری بهێنین، بۆیە ڕۆژانە گوێبیستی رووداوی هاتوچۆ و قوربانیی مۆبایل و سۆشیال میدیا دەبین، کە یان لە زیندانن، یان لە ژێر خاکن. ئەوانە و چەندین کاریگەری ئەرێنی و نەرێنی دیکەی هەیە کە دەکرێت بە وردی باسی بکەین و رێکارەکانی چارەسەریان دەستنیشان بکەین، بەڵام لە راپۆرتێکی کورتدا ئەو دەرفەتە نارەخسێت.»

مەحموود عەبدولکەریم باجەڵان، سەرپەرشتیاری پەروەردەییە و جەخت لەوە دەکاتەوە کە «تەکنەلۆژیا، خۆی لە خۆیدا کاریگەری گەورەی لەسەر تاك و کۆمەڵ هەیە، بەڵام ئەرێنی یان نەرێنی، خودی بەکارهێنەر دەستنیشانی دەکات، دەکرێت هەر داهێنانێکی زانستی لە پڕۆگرام، یان ئامێردا، لە بواری مرۆڤدۆستی و کاری بەسوود بەرجەستە بکرێت و بە هۆشیاری و کارامەیی بەکار بێت.» نموونەش بەوە دەهێنێتەوە کە «هۆکانی پەیوەندی وەك مۆبایل دەکرێت سەرچاوەی زانیاری بێت، نزیکبوونەوەی پەیوەندییەکان و ئاڵوگۆڕکردنی بیروڕا جیاوازەکان بێت و بکرێتە هۆکاری خودفێرکاری لە خوێندن و پەروەردە، بەڵام هەمان هۆکار رەنگە مایەی لێکترازان و گرفتی کەسی و کۆمەڵایەتی بێت.»

شیلان ئاستەیی، وەك چالاکێکی مەدەنی سەبارەت بە هەمان پرس دەڵێت: «بێشك تەکنۆلوژیا کار دەکاتە سەر تاکەکانی کومەڵگە، بەتایبەتی بەکارهێنەرانی، بەڵام جۆری پەروەردە و سیستمی حوکمرانی و بەتایبەتی یاسا و دەسەڵاتی چوارەم، یان راگەیاندن، بە هەر سێ بەشی (بینراو، بیسراو، خوێندراو)، رۆڵی سەرەکی دەبینن، بۆ ئەوەی تاك رووی ئەرێنیی تەکنەلۆژیا و ئامێرەکانی وەربگرێت. دواتر سوشیال میدیا و تورەکانی کۆمەڵایەتی، وەك (تویتەر، یوتوب، تلیگرام و .. هتد، هەروەها (ئای تی) بە گشتی و ئامێری وەك مۆبایل و تەلەفۆن بەتایبەتی، لە پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان (بە باش و خراپییەوە) رۆڵی بەرچاویان هەیە، واتە لە لایەك بۆ پێگەیاندن و رۆشنفکریی تاك و پەیوەندیی بەهێزی کۆمەڵایەتی بەسوودن، لە لایەکی دیکەوە تێنەگەیشتن لە رووی ئەرێنیی تەکنەلۆژیا و ئامێرەکانی، بەلارێدابردن و توندئاژۆیی و تێکدانی شیرازەی خێزان و لاوازکردنی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانی لێ دەکەوێتەوە.»

**تەکنەلۆژیا، خۆی لە خۆیدا کاریگەری گەورەی لەسەر تاک و کۆمەڵ هەیە، بەڵام ئەرێنی یان نەرێنی، خودی بەکارهێنەر دەستنیشانی دەکات**

**جۆری پەروەردە و سیستمی حوکمڕانی و بەتایبەتی یاسا و دەسەڵاتی چوارەم، یان راگەیاندن، بە هەر سێ بەشی (بینراو، بیسراو، خوێندراو)، رۆڵی سەرەکی دەبینن، بۆ ئەوەی تاک رووی ئەرێنیی تەکنەلۆژیا و ئامێرەکانی وەربگرێت**